
دوای سێ ساڵ لە دووركەوتنی سەركۆزیرانی پێشووی عێراق دێگەڕێتەوە بۆ بەغدا



مستەفا کازمی، سەرکۆزیرانی پێشووی عێراق گەڕایەوە بۆ بەغداد، لەدوای لاچوونی لە پۆستەکەی لە ئۆکتۆبەری 2022دا ئەمە یەکەمجارە بگەڕێتەوە بۆ عێراق.

گەڕانەوەی مستەفا کازمی بۆ عێراق لە بارودۆخێکی سیاسی هەستیاردایە و هاوکاتە لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق کە بڕیارە لە تشرینی یەکەمی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەیەکی نوێ لە ئەمریکا بەسەرکایەتی دۆناڵد ترەمپ دەستبەکاربووە کە وەک هەڕەشە لەسەر دەسەڵاتی شیعە و هەژموونی ئێران لە عێراقدا دەبینرێت.

مستەفا عەبدولـلەتیف مشتێت ناسراو بە مستەفا کازمی سیاسەتمەدارێکی عێراقییە، لە 6ـی ئایاری 2020 وەک سەرکۆزیرانی کاربەدەستی عێراق دەستنیشانکرا، دوای دەستلەکارکێشانی حکومەتی عادل عەبدولمەهدی لەئەنجامی خۆپیشاندانەکانی تشرین، پێشتر لەسەردەمی کابینەی حکوومەتی حەیدەر عەبادی وەک سەرکی دەزگای هەواگری نیشتمانی عێراقی دەستبەکاربوو.

مستەفا کازمی یەکێک لە کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ژەمی بەعس بووە، بەم هەیەوە دەیان ساڵ لە دەرەوەی عێراق ژیاوە.

